Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10301

# گرفته واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێری- ئیدیەم بە نموونە

بێستون حەسەن ئەحمەد، دلێرقادر عبدالله

بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی- ئیدیەم بە نموونە) باس لەو گرفتە واتاییانە دەکات کە ڕووبەڕووی وەرگێڕانی ئامێریی دەبێتەوە لە وەرگێڕانی دەربڕاوە ئیدیەمیەکاندا.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێریی و پەیوەندی زمان بە وەرگێڕانەوە، سەرەڕای خستنەڕووی تیۆری دەوروبەر و جۆرەکانی دەوروبەری زمانی و بارودۆخی، وە کاریگەریيان لە واتای دربڕاوە ئیدیەمیەکاندا.

بەشی دووەم باس لە ئیدیەم و گرفتی وەرگێڕانیان بەهۆی ئامێرەوە دەکات، هەروەها خستنەڕووی ڕۆڵی دەوروبەر لە وەرگێڕانی ئەم دەربڕینانەدا.

ڕێبازی پەسنکەرانەی شیکەرەوەیی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراوە، هۆکاری هەڵبژاردنی وەرگێڕی ئامێریی (Google) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەرگێڕەکە بە یەکێک لە سەرکەوتووترین پرۆگرامەکانی وەرگێڕانی ئامێریی ئەژماردەکرێت و لە نێو پێگە ئەلیکترۆنییەکان زۆرترین بەکارهێنەری هەیە تەنانەت لای توێژەرانیش سەرەڕای چەندین گرفتی واتایی و زمانیی.

***Article Info***

Received: July, 2021

Revised: August, 2021

Accepted: September, 2021

***Keywords***

ئیدیەم، واتا، وەرگێڕانی ئامێریی، دەوروبەر

***Corresponding Author***

## پێشەکی

### 0/1) گرنگیی بابەتەکە:

وەرگێڕان وەکو پێواژۆیەک بۆ هاوتاکردنی دەقێک بە نزیکترین واتای زمانی سەرچاوە لە زمانی ئامانجدا دادەنرێت. بێگومان ئەم پێواژۆیەش بە پەیڕەوکردنی بنەمای زانستییە کە لایەنی هونەری و زمانەوانیی ڕەچاودەکرێت. وەرگێڕانی ئامێریش وەک جۆرێکی وەرگێران لە ئێستادا لەوپەڕی برەویدایە و لە نێو کۆمپیوتەر و مۆبایلەکاندایە و بەرفراوان بەکاریدەهێنرێت. بەڵام ئەم پەرەسەندنە ئەوە ناگەیەنێت لە ڕووی زمانەوانییەوە بێگرفتە. کاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشکخستنەسەر ئەو گرفتانەیە لە ڕووی واتاسازییەوە و توانای ئەمجۆرە وەرگێڕانە لە پەیبردن بە واتای جۆرێک لە دەربڕینە چەسپاوەکان کە ئیدیەمە، چونکە واتا کرۆکی دەربڕینە و بابەتێکی ئاڵۆزە و چەندین لایەنی نائاشکرای هەیە و کاریگەرە بە بارودۆخ ودەوروبەرە زمانییەکان.

### 0/2) کەرەستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستە بەکارهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو دەربڕینە ئیدیەمیانەن، کە لە زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستەوە بەرهەمهێنراون و قسەپێکەران ڕۆژانە بەکاریاندەهێنن؛ هەروەها لەو سەرچاوانەی کە خۆیان بە کۆکردنە و ڕاڤەکردنی ئەم دەربڕینانە خەریککردووە. سروشتی لێکۆڵینەوەکەش کە پەیوەستە بە وەرگێڕانەوە وایخواستووە کە نموونەی زمانی ئینگلیزیش بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بەکاربهێنرێت.

### 0/3) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم بابەتە لە کایەی کتێبخانە و توێژینەوەکاندا، بابەتێکی نوێبوو، لەبەرئەوە گرفتی پەیکەری توێژینەوەکەمان هەبوو لە دیاریکردنی بەش و پارەکاندا.

### 0/4) تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە تیۆری دەوروبەری وەک بنەمایەک بۆ واتا پەیڕەوکردووە. ڕێبازی پەسنکەرانەی شیکەرەوەیی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراوە.

### 0/5) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بە ناونیشانی (وەرگێڕانی ئامێری و تیۆری پێویست)ە. کە ئەم بەشە دوو تەوەر لەخۆدەگرێت.

تەوەری یەکەم بۆ وەرگێڕان و جۆرەکانی بە گشتی و وەرگێڕانی ئامێری بە تایبەتی، تەرخانکراوە؛ لەگەڵ پەیوەندی زمان بە وەرگێڕانەوە. لەم تەوەرەدا پێناسەی وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێری دەکەین لەگەڵ پۆلێنکردنی جۆرەکانیان؛ هەروەها پەیوەندی و کاریگەری قوتابخانە زمانییەکان و وەرگێڕان خراوەتەڕوو.

تەوەری دووەم بۆ تیۆرێکی گرنگی بواری واتاسازی تەرخانکراوە، کە تیۆری دەوروبەرە. رووبەرێکی فراوانی لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا داگیرکردووە. لەم تەوەرەدا پێناسە و ڕاڤەی پێویست بۆ خستنەڕووی تیۆرەکە، ڕۆڵی دەوروبەر لە دیاریکردنی واتای وشە و دەربراوەکان، پەیوەندی دەوروبەر و ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، لەگەڵ دەوروبەری بار، خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم بە ناونیشانی (گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی لە ئیدیەمدا)، کە دوو تەوەر لەخۆدەگرێت.

تەوەری یەکەم دەروازەیەکە بۆ ناساندنی ئیدیەم، دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی بە شێوازێکی زانستییانە و بە نموونە.

تەوەری دووەم جێبەجێکردنی ئەو بابەت و تیۆرانەی لێکۆڵینەوەکەیە بە هۆی وەرگێڕێکی ئامێری کە (وەرگێڕی ئامێریی گۆگڵ)ە؛ هەروەها لە ڕووی ئەمانەتپارێزی زانستییەوە پێویستە ئەوە بڵێین کە هەڵبژاردنی وەرگێڕی گۆگڵ بە هۆی بێتوانایی یان کەموکوریی تایبەت بە پرۆگرامەکە نییە کە بە یەکێک لە بڵاوترین و باشترین وەرگێڕە ئامێرییەکان دادەنرێت، بەڵکو مەبەستی هەڵبژاردنەکە دەرخستن و شیکردنەوەی ئەو گرفتانەیە کە لە ڕووی واتاییەوە دووچاری وەرگێڕانی دەربڕینێک دەبێتەوە و خستنەڕووی ڕۆڵ و کاریگەری تیۆری واتایی دەوروبەر لە هەر وەرگێڕانێکی ئامێریدا.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## 1/1) وەرگێڕانی ئامێری و تیۆری پێویست

### 1/1/1) وەرگێڕان

وەرگێڕان وەک ناوەندێک لە نێوان دووزمان و دوو کولتوردا دەبینرێت ، پردی گەیاندن و نزیککردنەوەی ئامانج و مەبەستی دەقەکان و کولتووری هەردوو زمانەکەیە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی واتای زمانی سەرچاوە (SL source language) بە دەربڕینی زمانی ئامانج (TL target language). وەرگێڕان وەک پێواژۆیەکی زمانەوانی گەلێک پێناسەی بۆکراوە و بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێواژۆ و میتۆدانە لەخۆدەگرێت. کە بە هۆیانەوە دەقێک لەزمانی سەرچاوەوە دەگوازرێتەوە بۆ زمانی ئامانج.

(J. C, Catford: 1965: 1) پێیوایە "وەرگێڕان پرۆسەی لەبریدانانی دەقێکە لە زمانێکەوە بۆ دەقێکی هاوتای لە زمانێکی تر". نیداش بەم جۆرە پێناسەی دەکات "وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە ئەو زمانە، کە وەرگێڕانی پێدەکرێت، لە پێشدا لەباری واتا و پاشان لەباری دارشتنی شێوازەوە"(پەروین عوسمان: 2009: 18).

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە کە ئایا هەر وەرگێڕێک کە شارەزایی هەبوو لە دوو زماندا و بە هەبوونی فەرهەنگێکی دوو زمانیی، دەتوانێت وەرگێڕان بکات، بەواتای زانستی وەرگێڕان؟ لە ڕاستیدا وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، جگە لە زمان لایەنی نازمانیش تێکەڵی دەبێت، ئامانجی وەرگێڕان و شارەزایی وەرگێڕ لەو بابەتەی وەریدەگێڕێت و ئەو شێوازەی پەیڕەودەکرێت، ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا. پێویستە وەرگێڕ بەباشی لە مەبەستی خاوەن دەق/دەربڕین تێبگات، ئاشنای کولتوری دەقەکە بێت، پێناسی دەقەکە (ئایا دەقێکی ئەدەبییە، یاساییە، پزیشکییە،...هتد) بەهەند وەربگرێت، توانای تێگەیشتنی دەوروبەری زمانی هەبێت، هەروەها توانای گەیاندنی مەبەستی دەقی سەرچاوەی هەبێت.

هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی وەرگێڕان جیاوازی نێوان زمانەکان و کولتورەکانە، وەرگێڕان لە پێناو پەیوەندیکردنە و بۆ لابردنی بەربەستی تێگەیشتنە کە بەهۆی ئەو جیاوازییەیە دروستبووە. خودی وەرگێڕان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە گواستنەوەی کولتوردا (Peter Newmark: 1988: 7).

هەروەک چۆن هاوبەشی لە نێوان زمانەکاندا هەیە، جیاوازیش لە نێوان زمانەکان لە سەر ئاستی فەرهەنگی و دروستەیی هەیە، هەر زمانێک کۆمەڵێک وشەی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر وشەیەکیش واتایەک یان زیاتری هەیە، ریزبوون و هاتنی ئەم وشانە لەپاڵ یەکتردا بەپێی یاسای زمانەکان دەگۆڕێت. وەرگێڕان لە بنەڕەتدا ئامانجی گواستنەوەی فۆرم و واتایە پێکەوە، بەڵام ئەم پێواژۆیە سەختە و گەلێک جار ناکرێت، لێرەشدا پێویستە وەرگێڕ واتا و ناوەڕۆکی دەقی سەرچاوە بە فۆرم و کەرەستەی زمانی ئامانج بەرهەمبهێنێتەوە.

#### 1/1/1/1) جۆرەکانی وەرگێڕان

پۆلێنێکی زۆری جۆرەکانی وەرگێڕان لە سەرچاوەکاندا خراونەتە ڕوو، هەندێک بەپێی زارەکی و نوسراو، هەندێک بە پێی تایبەتمەندی وەک وەرگێڕانی ئەدەبی یان زانستی، ...هتد پۆلێنیان کردوون؛ ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە ئەم دوو جۆرەی وەرگێڕانە:

**ا- وەرگێڕان بەپێی وەرگێڕ:**

بەپێی ئەم پۆلێنە وەرگێڕان دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر، کە بریتین لە:

1- وەرگێڕانی مرۆیی (Human translation): مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەبێ بەکارهێنانی ئامێر.
2- وەرگێڕانی ئامێریی (Machine translation): ئامێر ئەنجامی دەدات لە ڕێگەی هاوتاکردنی دەربڕاوە زمانییەکان و بەپێی هاوکێشەی دروستەیی زمانەکان.
3- وەرگێڕانی مرۆیی بە هاوکاری ئامێر( Machin_assisted translation): لەم جۆرەدا وەرگێڕی مرۆیی پشتدەبەستێ بە فەرهەنگە ئەلەکترۆنییەکان و هەندێ بەرنامەی کۆمپیوتەری بۆ وەرگێڕان.

**ب- وەرگێڕان بەپێی شێوازی وەرگێڕان:**

بەپێی ئەم پۆلێنە وەرگێڕان دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر کە ئەوانیش بریتین لە:

1- وەرگێڕانی وشە بە وشە: جەخت لە وشە دەکرێتەوە وەک یەکەیەکی وەرگێڕان، لەم وەرگێڕانەدا دروستەی زمانی سەرچاوە دەکرێتە بنەما و ناگۆڕێت. بڕوانە نموونەی (1)

SL S.V.O

1) The man eats food. Translate → پیاوەکە دەخوات نان*

بەڵام یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەیە:

TL S.O.V پیاوەکە نان دەخوات.

1- وەرگێڕانی دەقاودەق/پیتی: لەم وەرگێڕانەدا دروستە و دەربڕینەکان بە شێوەی فەرهەنگی وەردەگێڕێن. ئامێری وەرگێڕان ئەم کارە دەکات و ئەم جۆرە وەرگێڕانە توانای وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکانی نییە (بێستوون حەسەن: 2012: 238). بڕوانە نموونەی (2)

SL TL

2) It's raining cats and dogs. Translate → سەگ و پشیلە دەبارێت ؟

2-وەرگێڕانی واتایی: لەم وەرگێڕانەدا دەکرێت دروستەی زمانی سەرچاوە ڕەچاو نەکرێت، واتای دەقی سەرچاوە بەپێی دروستەی زمانی ئامانج دادەڕێژریت. ''ئەم وەرگێڕانە بە باشترین و بلاوترین جۆری وەرگێڕان دادەنرێت، چونکە وەرگێڕ بە شێوەیەکی زانستی واتای دەقی زمانی سەرچاوە دەپارێزێت'' (پەروین عوسمان: 2009: 91). بڕوانە نموونەی (3)

SL TL

3) It's raining cats and dogs. Translate → باران بە لێزمە دەبارێت.

## (2/1/1/1 وەرگێڕانی ئامێریی

بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی مرۆڤایەتی کە لە هەموو بوارەکاندا بەدەستیهێناوە و کرانەوەی کولتورەکان بەسەر یەکتردا، دەرکەوتن و پەرەسەندنی ئامێرەکانی کۆمپیوتەری لەم چەند دەیەیی ڕابردودا، پاشان پەیدابوونی تۆڕەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت، وایانکردووە جیهان بە دێیەکی بچووک بچوێنرێت.

پەیوەندی کولتورەکان بە جۆریک پەرەیسەندووە، کە وەرگێڕان بوتە پێویستییەک و پەنجەرەی گفتوگۆی نێوان نەتەوە و کولتورەکان. هەموو ئەمانەش وایان کرد مرۆڤ هەوڵبدات لە کەمترین کاتدا، زانیاری لەسەرچاوەی جۆراوجۆر و زمانی جیاوازەوە بەدەست بهێنێت. ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەکارهێنان و پەرەسەندنی وەرگێڕانی ئامێرییە. بە تایبەتی ئێستا بەهۆی بڵاوی و زۆری و ئاسان دەستکەوتنی ئەو ئامێرانە و بەرنامە(application)ی خێرایی وەک( Google translate)و چەندانی تر. خێرایی زۆری ئەم وەرگێڕانە و توانایان بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕان لە نێوان چەندین زماندا بە هۆکاری سەرەکی پاشەکشەی فەرهەنگە چاپکراوەکان دادەنرێت. هۆکارێکی تری پەرەسەندنی وەرگێڕانی ئامێری، پەرەسەندنی ئابووری بوو. بازاڕ دۆزینەوە بۆ ئەو هەموو کاڵایەی بەرهەمدەهێنرێت، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر وەرگێڕ و خێرایی وەرگێڕان هەبوو کە هاوشانی خێرایی بازاڕ بێت لەلایەک و تێچوویەکی کەمی هەبێت لە لایەکی ترەوە(عمرو محمد: 2011: 897)، واتا بگونجێ لەگەڵ لۆژیکی بازاڕدا کە کات و خێرایی سامانن، کەواتا ئەوەی خێراترە، باشترە.

## (3/1/1/1 زمان و وەرگێڕان

لێکۆڵینەوەکان لە زمان و لە وەرگێڕان، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە. لە زۆربەی قوتابخانە و لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا کار لە سەر وەرگێڕان کراوە، بە شێوەیەک کە هەر پەرەسەندنێک لە تیۆرێکی زمانیدا بەدوای خۆیدا پەرەسەندنی وەرگێڕانی لێکەوتۆتەوە، لەو بارەیەوە (J.K.Kelly) دەڵێت ''بۆ هەر تیۆر و تەوژمێک لە زماندا، تیۆرێکی وەرگێڕان هەیە، هاوتایەتی و لەگەڵیدا دەگونجێ'' (محمد شاهين: 1998: 9).

زیادبوونی پێویستی کۆمەڵگاکان بە وەرگێڕان وایدەخواست، کە ئەوانەی لە بوارەکەدا کاریان دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەدوای پێوەری زانستی بگەڕێن. هەروەها پاش بەزانستبوونی زمان و سەرهەڵدانی قوتابخانە نوێیەکانی زمان، ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بە تایبەت واتاناسی لە وەرگێڕاندا بەکارهێنران(کورش سەفەوی: 2005: 9)، ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەرهەڵدانی تیۆرەکانی وەرگێڕان هەبووە و وەرگێڕان وەک زانستێکی سەربەخۆ ناسرا. شایەنی باسە زۆرێک لە خاوەن تیۆرییەکانی وەرگێڕان لە زانایانی زمان بوون، وەک کاتفۆرد، نیدا، هارتمان، کە بە ئەنجامی پراکتیزەکردنی تیۆرە پراکتیکییەکانی زمان بە سەر وەرگێڕاندا، تیۆرەکانی وەرگێڕانیان بەرهەمهێناوە لە سەر بناغەی تیۆرە زمانییەکان (محمد شاهين: 1998: 9).

وەرگێڕان و زمانەوانی بە یەک کەرەستە کاردەکەن کە زمانە. پەیرەوکردنی زانیارییە زمانییەکان وەرگێڕانێکی بەپێزی

لێبەرهەمدێت، زانیاری لە سەر هەموو ئاستەکانی زمانەکانی سەرچاوە و ئامانج بۆ وەرگێر زۆر گرنگە. زمانەکان لە ستراکچەر و ڕیزبوونی کەرەستەکان جیاوازن، ڕاناوەکان لە هەندێ زماندا جگە لە کەس ڕەگەزیش نیشاندەدەن لە هەندێ زمانی تردا وانین، وشەیەکی فرەواتا ڕەنگە گرفتێک بێت بۆ وەرگێر، بەهەمان شێوە ئیدیەمێک یان پەندێک.

وەرگێران ڕۆڵی نێوەند دەگێڕی لە گواستنەوەی واتادا، واتاش لە زانستی زماندا فرەلایەنە و بەپێی دەوروبەرە فیزیکی و کولتوری و دەروونییەکان دەگۆڕێت. بەکارهێنانی کەرەستە و ئەنجامی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بایەخدارن لە وەرگێڕاندا، (Fawcett: 1997: 2) پێیوایە ئەو وەرگێڕەی شارەزای لایەنە بنەڕەتییەکانی زمانەوانی نەبێت، وەک کەسێکی پیشەوەرە، کە کەموکوڕی لە کەرەستەی پیشەکەیدا هەبێت.

### 2/1/1) تیۆری دەوروبەر(Contex theory)

لێکۆڵینەوە لە واتا مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە، هەندێک لە لێکۆڵەران سەرەتاکانی دەگێڕنەوە بۆ پێش دەرکەوتنی زانستی زمان (محمود حجازی: 1997: 129)، چەندین قوتابخانە و تیۆری جیاواز سەبارەت بە واتاسازی سەریانهەڵداوە وەک تیۆری ئاماژە/Referential theory، تیۆری شیکردنەوە/Analysis Theory، ...هتد، هەریەکەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە چەمک و لایەنێکی واتایان کۆڵیوەتەوە، ئۆلمان(Ullmann) پێی وابوو کە هەر ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی زمانی لە لایەنێکی واتا دەکۆڵێتەوە(علی زوین: 1986: 172)

مەیدان و کاری ئەم لیکۆڵینەوەیە بەپێی تیۆری دەوروبەرە، کە بە یەکێک لە گرنگترین تیۆرەکانی واتاسازی دادەنرێت. بەهۆی واتای دەوروبەرەوە دەزانرێت کە وەرگێڕانەکە ئامانجی خۆی پێکاوە و واتای ڕاستی گەیاندووە یان نا.

"زاراوەی دەوروبەر(Context) بە گشتی لە زمانەوانییدا بۆ ئاماژەدان بە بەشێکی تایبەت لە دەربڕین بەکاردێت، لە نزیک یان تەنیشت ئەو دانە زمانییەی کە جێی باس و بایەخە، واتای ئەو دانەیە بەشێکی یان هەمووی بە هۆی دەوروبەرەکەوە ڕووندەبێتەوە. بەواتای کاتێک وشە لە دەوروبەردا بەکاردێت ماناکەی بە وردی دیاریدەکرێت "(David Crystal: 2008: 108).

لە فەرهەنگی( Language Teaching & Applied Linguistics) بەم شێوەیە پێناسەی دەوروبەر کراوە کە ''بریتییە لە هەموو ئەوانەی کە لە پێش یان دوای وشەیەک یان فرێزێک یان تەنانەت دەربڕینێکی درێژتر یان دەقێک دێن. دەوروبەر یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی واتای تایبەتی وشە، فرێز، هتد. دەوروبەر دەشێت بارودۆخێکی فراوانتری کۆمەڵایەتی بێت کە دانە زمانییەکەی تێدا بەکارهاتبێت'' ( LONGMAN DICTIONARY: 2010: 127).

لێکۆڵینەوەکان لە دەوروبەر پانتاییەکی فراوانی لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی گرتووە، زۆر لە زمانەوانان بایەخیان پێداوە و لێیان کۆڵیوەتەوە، هەتا بوتە تیۆرییەکی تەواو لە سەردەستی زمانەوانی بەناوبانگی ئینگلیز فێرس(J.R.Firth). بەلای فێرسەوە شیکردنەوەی واتا ئامانجی سەرەکی زانستی زمانە، کە لەو سەردەمەدا لای هاوچەرخەکانی باو نەبوو و واتایان لە دەرەوی لێکۆڵینەوەی زمانی دادەنا، بەلایەوە زمان وەک سیستەمێکی ئاوەزیی دابڕاو لێناکۆڵرێتەوە و جەختی زۆری لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان دەکرد(تاڵیب حەسێن: 2014: 79).

بەپێی ئەم تیۆرە واتای وشە دیاری ناکرێت بەبێ بەکارهێنانی لە دەوروبەرێکدا. جونکە دەوروبەر ڕۆڵێکی گەورە لە دیاریکردنی واتا وشە دەبینێت و ئەو مەبەستەی لە پشت بەکارهێنانیەوەیەتی. بەلای کلۆد جێرمان و ریمۆن لۆبلانەوە "وشە واتاکەی ڕوون نابێتەوە تەنیا لە بەکارهێنانی نەبێت، لە سەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین: واتای وشە بریتی یە لەکۆی بەکارهێنانەکانی"(کلۆد جێرمان و ریمۆن لۆبلان: 2006: 30). بە زانینی واتای فەرهەنگی وشەکان لە هەموو بارێکدا واتای مەبەست بۆ تێگەیشتن نایەتە ئاراوە، "چونکە زۆربەی وشەکان لە واتایەکی فەرهەنگی زیاتریان هەیە، دەستنیشانکردنی واتای ڕاست بە هۆی بەکارهێنانەوەیە، واتا بەکارهێنانی وشەکە لە ڕۆنانێکی گەورەتردا. Fritz دەڵێت: ''کە واتاکانی وشەیەک یاسا تەواووپڕاوپڕەکانی بەکارهێنانیەتی لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا، لە کردەی گفتوگۆکردن و لە یەکگەیشتندا(لە گەیاندندا)''(محەمەدی مەحوی: 2009: 155). زمانەوانی فەرەنسی ڤەندەریس(Joseph Vendryes) پێیوایە، کە تارادەیەک خۆهەڵخەڵەتاندنە کاتێک دەڵێین وشەیەک زیاد لە واتایەکی هەیە، چونکە لە ڕاستیدا جگە لەو واتایەی کە لەدەوروبەری دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، واتایەکی تری نییە و واتاکانی تری وشەکە دەسڕێنەوە. بە واتای ئەوەی هیچ وشەیەک فرەواتا نییە، چونکە لە کاتی بەکارهێنانیدا لە ناو دەقدا، تەنها یەک واتا دەبەخشێت"( Vendryes:1950: 288).

### 1/2/1/1) دەوروبەر و پێکهاتەکانی زمان

لە سەر ئاستی زمان هەر یەکەیەکی زمانی، دەبێتە دەروبەری زمانی بۆ دانە پێکهێنەرەکانی، خۆیشی لە ئاستێکی گەورەتردا دەبێتە دانەی دەوروبەرێکی گەورەتر. لەم سۆنگەیەوە هەر فۆنێمێک یان مۆرفێم و وشەیەک لە چێوەی دەوروبەرێکی زمانی گەورەتردا دێت، کە دانە زمانییەکانی پاش و پێشی

کاریگەرییان لە سەر هاتنی هەیە. زمانەوانان بە پێی ئاستەکانی زمان چەند جۆرێک دەوروبەریان دیاریکردووە:

### (1/1/2/1/1) دەوروبەری فۆنۆلۆژی

فۆنۆلۆژی گرنگی بە بەکارهێنانی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو لە دەوروبەرێکی زمانیدا دەدات ، واتا بە چۆنیەتی هاتنی لە قاڵبی بڕگە و وشەدا. ئەم بابەتە کەرەستە کەرتی(Segmental) و ناکەرتییەکانیش(Suprasegmental) دەگرێتەوە. پەیوەست بە کەرەستە کەرتییەکان هاتنی فۆنێمێکی جیاواز لەو وشانەی کە فۆنێمەکانی تریان چوونیەکن دەبێتە دەوروبەرێکی جیاواز چونکە واتا دەگۆڕن(بەکر عومەر، ئازاد حسەین: 2013: 40)، وشەکانی مار، دار، یار، شار...هتد لە یەک فۆنێمدا جیاوازن کە دوروبەرە دەنگییەکەی پێکهێناوە. کەرەستە ناکەرتییەکانیش کە بریتین لە(هێزStress، ئاوازەIntonation، نێوان Juncture، تریپەRhythm و ...هتد)بایەخێکی زۆریان لە زنجیرەی ئاخاوتندا هەیە. "سیماکانی کەرەسە ناکەرتییەکان دەتوانن هەڵوێست و هەست و سۆزی قسەکەر ئاشکرا بکەن بە جۆرێک کە هەرگیز بەو زانیاریانەی پشت بەو یەکە دەنگییانە دەبەستن ئەنجام نادرێ" (عەبدولوەهاب خالید: 2009: 27). ئەم کەرەستە ناکەرتیانە سەراپای ئاخاوتنەکە دادەپۆشن و بڕگە و وشە و ڕستە دەگرنەوە. ئەوەی بەلای ئەم لێکۆڵینەوەیەوە گرنگە ئەوەیە کەرەستە ناکەرتییەکان بە هۆی بەکارهێنانیان لە دەوروبەری زمانی جیاوازدا ڕۆڵێکی گرنگیان لە دیاریکردنی واتادا هەیە، پەینەبردنی هەر وەرگێڕێک بەم زانیارییە زمانییە ئەگەری شێواندنی وەرگێڕانەکەی لێدەکەوێتەوە. لە چاوگە فرە بڕگەییەکاندا، ئەگەر هێز(Strees) لە سەر دوا بڕگە بێت، واتای چاوگ دەدات، بەڵام ئەگەر هێز لەسەر بڕگەکانی پێشتربێت واتای ڕستەیەکی گەردانکراو دەدا بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ (عادل ڕەشید: 2-8-2021: چاوپێکەوتن). بۆ نموونە بڕوانە نموونەی (4)

4) ا/ خەوتن ئارامی دەدات بە جەستە.

ب/ منداڵەکان زوو خەوتن.

لە (ا/4) (خەوتن) وەک چاوگ/ناو واتای دەرکەوتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو دەوروبەرە زمانییەی هێزی تیا بەکارهاتووە. بەڵام (خەوتن) لە (4/ب) دا وەک کردار دەرکەوتووە.

### (2/1/2/1/1) دەوروبەری مۆرفۆلۆژی

هەرچەندە وشەکان خاوەنی واتای فەرهەنگی/واتای ڕێککەوتن لە سەرکراوی خۆیانن، بەڵام لە کاتی هاتنی لەگەڵ وشەی تردا، پێشبینی گۆڕانی واتاکەی دەکرێت. بۆ نموونە ڕەنگەکان بەگشتی لەژێر کێڵگەی واتایی ڕەنگ پۆلکراون و هەر یەکەیان گوزارشت لە جۆرە ڕەنگێکی دیاریکراو دەکەن. بەڵام لە بەکارهێنانیدا زانیاری زیاتر و جیاواز نیشان دەدەن. بڕوانە نموونەی (5):

5) ا/ ئاڵای کۆماری چین سوورە.

ب/ شۆڕشەکەمان سوورە.

پ/ سوور دەمزانی سەردەکەویت.

لە (ا/5)دا هاتنی وشەی (سوور) لەگەڵ ئاڵا کە لە پارچە قوماشێک بەرهەمهاتووە، وامان لێدەکات درک بە جۆرە ڕەنگێک بکەین کە جیاوازە لەگەڵ هەمان وشە لە (5/ب)دا، چونکە دەوروبەری هاتنیان جیاوازە و سووریی شۆڕش پەیوەستە بە تەوژمی کۆمۆنیستییەوە، لە (5/پ)دا (سوور) بە واتای (دڵنیا) هاتووە، ئەم زانیاریانە بۆ وەرگێڕ زۆر گرنگن چونکە لە کاتی گواستنەوەی واتا، دەکرێت بە کەرەستەیەکی جیاواز لە زمانی ئامانجدا بنوێنرێن.

### (3/1/2/1/1) دەوروبەری سینتاکسی

دروستەی فرێز و ڕستەکان بەپێی ڕێسای دروستە سینتاکسیەکان دەبێت، واتا ڕەچاوی ریزبەندی و شوێنی سەر و تەواوکەر و ڕێکەوتن دەکرێت. هەر گۆڕانکارییەک لە دروستەی ڕستەکەدا پێشبینی گۆڕانی واتاکەی دەکرێت. بۆ نموونە بڕوانە نموونەی (6)

6) ا/ کوڕەکە سێو دەخوات.

ب/ سێو دەخوات کوڕەکە.

لە (ا/6) و (6/ب)دا ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتا ڕاستمان هەیە، بەڵام بە زانیاری جیاوازەوە، لە (ا/6)دا باسەندی ڕستەکە (کوڕەکە)یە کە تیشکی خراوەتەسەر، لە (6/ب)دا تیشک خراوەتە سەر (سێو) نەک میوەیەکی تر. گواستنەوەی ئەم زانیاریە بۆ زمانی ئامانج گرنگە لە دەستنیشانی هاوتای ڕستەکە.

### (2/2/1/1) دەوروبەری بار (Context of situation)

زمان پەیڕەوێکی ئاڵۆزە و تەنها یەکە زمانییەکان و پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان نییە، بەڵکو هزری خاوەن زمان و بارودۆخی دەرەکیش دەگرێتەوە."زمان کردەیەکی میکانیکی ئەبستراکت نییە، یان خستنەپاڵیەکی دەنگ و مۆرفێم و وشەو فرێز نییە بۆ پێکهێنانی دروستەی گەورەتر، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا گەلێک واتای جیاواز و ئاوەزمەندیی و بیر و باری کۆمەڵایەتی و دەروونی دەگەیەنرێت" (بێستوون حەسەن: 2020: 4). (جاکندۆف)یش پێیوایە "بۆ سێمانتیکی زمان کاتێک تاکێک دەتوانێت لە ئاستێکی باڵادا بیرۆکەکانی بگوازێتەوە، کە بە هاوبەشی سوود لە فۆرمە دروستکراوە زمانییەکان و زانیارییەکانی دەرەوەی زمان وەربگرێت[دیرک گێرتس: 2014؛ 289 (نەریمان حەسەن: 2015: 41)]. ئەمەش دەمانبات بۆ لێکدانەوەی واتا لە جۆری تری

دەوروبەردا سەرەڕای دەوروبەری ئاستەکانی زمان. ئاخێوەرانی زمانێک جگە لەوەی پەنا دەبەنە بەر دەوروبەری کەرەستە زمانییەکان بۆ تێگەیشتن لە دەربڕاوەکان و بەردەوامبوونی گفتوگۆ، بەهەمان شێوەش لە ڕێگەی چەندین ڕەهەندی ترەوە زانیاری بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری مەبەست و پەیامەکانی ناو کردەی ئاخاوتن بەدەست دەهێنێت.

### 1/2/2/1/1) دەوروبەری فیزیکی (Physical Context)

مەبەست لەم جۆرە دەوروبەرە ژینگەی فیزیکییە بۆ کات و شوێنی ئاخاوتن، دەوروبەری فیزیکی "ڕونکردنەوەی ئەو شوێنەیە، کە قسەکەر تێیدایەتی و ئەو ڕووداوەی، کە ڕوویداوە چییە و پێگەی پێشکەشکردنی بابەتەکە لە کوێیە و شیاوی شوێن و کاتی ڕستە گۆکراوەکان تاقیدەکاتەوە و گونجاو و نەگونجاویان لە ڕووی نەرێتە تایبەتی و گشتییەکانەوە دەخاتە ڕوو"(ئاڤێستا کەمال: 2009: 13).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە دەوروبەرە، بڕوانە نموونەی (7)

7/ ا) یەک یەک وەرنە ژوورەوە.

ب) هەموو گیانم دێشێت، تووشی کۆرۆنا نەبووبم.

لە (ا/7)دا دەوروبەرە فیزیکیەکە ئەوەمان پێدەڵێت، کە شوێنی دەربڕینەکە وەک فەرمانگەیەک یان نۆرینگەیەکە و ئەوەی لە ڕستەکەوە تێدەگەین ئەوەیە، کە ناکرێت ئەو شوێنە ماڵ بێت و چەند کەسێک بە میوانی ڕووی تێکردبێت.لە (7/ب)دا دەوروبەری فیزیکی ڕستەکە بە خورتیی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ساتی دەربڕینەکە پێش ساڵی (2020 ز) نییە یان دەربڕینی وەک (لە کۆڕەوەکەدا، لە ئەنفالەکەدا،..) کە کات و شوێنیش دەگەیەنن. ئەمانە لە وەرگێڕانیشدا پێویستە بەپێی ستراتیژی تایبەت هەمان واتا بگەیەنن.

### 2/2/2/1/1) دەوروبەری کۆمەڵایەتی/کولتوریی (Social/Cultural Context)

مەبەست لەو دەوروبەرەیە کە بە هۆیەوە واتای کۆمەڵایەتی/کولتوریی وشەیەک یان ڕستەیەک لای نەتەوەیەک یان کۆمەڵێک، ڕوون دەبێتەوە. "هەموو کۆمەڵگەیەک کۆمەڵێک یەکەی زمانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەرێتی لە سەر بیرکردنەوەی تاکەکەنی، پەیوەست بەمەشەوە زاراوەی (دەوروبەری کۆمەڵایەتی) هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتییانە لە خۆدەگرێت، کە قسەکەر و گوێگر بە یەکەوە دەبەستێتەوە لە کردەیەکی گەیاندندا"( ئاڤێستا کەمال: 2009: 14).

ئاوەزمەندی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی لە زمانیشدا هەیە، ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاینی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە، هەروەها بە پێی سەردەمیش جیاوازی هەیە و دەگۆڕێت. لە ڕابردوویەکی نزیکدا کۆمەڵگای کوردەواری بە فراوانی وشەی (ماڵەوە) ی بەکارهێناوە بەرانبەر(ژن)، پیاو خۆی بە خاوەنی ژن زانییوە، وەک بەشێک لە خانوو و ماڵەکەی لێیڕوانییوە. بەڵام لە ئێستادا کە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە گۆڕراوە، زیاتر وشەی خێزان یان هاوسەر بەکار دەهێنرێت. بڕوانە نموونەی (8)

8) یەکەم: بەزیایی نەکەین؟

دووەم: هێشتا بانگی نەداوە.

لە (8)دا زانیاریی و دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی هاوبەش لە نێوان دوو کەسدا هەیە، (بەزیایی نەکەین) بە واتای (کۆتایی پێبێنین؟) هاتووە بۆ (کار/میوانداری)، لە وەڵامی دووەمدا جگە لەوەی (کە هێشتا کاتی نەهاتووە) دەگەیەنێت، دەرخەری پەیوەست بوونیانە بە ئایینێکی دیاریکراوەوە. کاتێک ئەم دەقە لە لایەن ئامێرەوە وەربگێڕدرێت بۆ زمانی ئینگلیزی بە نموونە، گرفت لە تێگەیشتن دروست دەکات؛ چونکە دەربڕینەکە ڕەنگدانەوەی کولتوری کۆمەڵی کوردییە، کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی بە ئیسلامەوە ئەم دەربڕینەی وەرگرتووە.

### 3/2/2/1/1) دەوروبەری دەروونی (Phychological Context):

لایەنی دەروونی مرۆڤ کاریگەرە بە بارودۆخەکان، واتای دەربڕینەکانیشی- بە پێی باری دەروونیەکەی دەبێت چونکە "واتاکان لە بیر و دەروونی مرۆڤدان، دیوە شاراوە و نابەرجەستەکەی زمانن، بۆیە کاتێک دەتوانین لە دەروونی مرۆڤ بگەین، کە ڕەفتارێک بنوێنێت یان زمان بەکاربهێنێت"(بێستوون حەسەن: 2020: 5). ئێمە ئاسایی وشەی (مناڵ) بۆ (مرۆڤێکی پێنەگەیشتوو لە ڕووی تەمەن) بەکاردێنین، بەڵام هەمان وشە لە دەوروبەرێکی تری دەروونیدا، قسەکەر بە مەبەستی توانج بەکاریدەهێنێت. ئەم دۆخە زۆر زەحمەتە لە وەرگێڕانی ئامێریدا وێنابکرێت و ڕەنگبداتەوە و ئەو واتایە بەرجەستەبکات.

دەوروبەری دەروونی پاڵنەرێکە کە ئاخێوەر زمان بەشێوەیەکی تر بەکاربهێنێ، بە کارهێنانی ئاوازەیەکی بەرز (rising intonation) یان ئاوازەیەکی نزم( falling intonation) لە دەربڕینێکدا کاریگەری جیاواز لە سەر گوێگر دادەنێت(فاطمە الشیدی:2011: 32). بۆ نموونە دەستەواژەی (بەیانیت باش) ئەگەر لەبارێکی دەروونی جێگیر/ئاسایی بوترێت، هێز و ئاوازەیەکی تایبەتی دەبێت و ڕەنگدانەوەی ئەو بارە دەروونیەی قسەکەر دەبێت لای گوێگر، بەڵام ئەگەر قسەکەر مەبەستی بێت بە توانج و تەوسەوە دەریببڕێت، هێز و ئاوازەیەکی تری دەبێت چونکە "ئاوازە زۆرترین کاریگەری لە گەیاندنی هەست و هەڵچوونە

دەروونیەکاندا هەیە کە ڕەنگدانەوەی ناخی ئاخێوەرن" (سۆران عەبدولڕەحمان:2014: 134). ئەو هێز و ئاوازەی کە تـوانج دروستدەکات، وەرگێڕێکی ئاسایی دەتوانێت ئاماژەی پێبدات، بەڵام ئـامێر پەی بەم لایەنە دەروونیـیە و قسـەکردن بە تەوسەوە نابات.

سەرەئەنجام زمان پێویستیەکی کۆمەڵە و ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرە، بە هـۆیەوە دەتـوانین بـاری کـۆمەڵایەتی و دەروونی ئاخێوەر و هەروەهـا ئاسـتی خوێنـدەواری و پەیوەنـدی نێـوان قسەکەر و گوێگر و سەر بە چ ناوچە و چین و توێژێکن بزانین (عبدولواحیـد موشـیر: 2009: 122). ئەمـانە لە وەرگـێڕانی ئامێریدا کەمتر ڕەنگدەدەنەوە، چونکە بە پرۆگرامکردنی هەستی گشتی(common sense)ی ئاخێوەران زۆر سەختە.

## 1/2/1) ئیدیەم

ئاخێوەران ڕۆژانە چەندین دەربڕین بەکاردەهێنن کە پێشتر ئامادەکراوە و ڕێکخراوە وەک (ساجی عەلی، ناردی بۆ کەوەر،...هتد)، ئەم دەربڕاوانە داهێنانی کەسەکان نیین، بەڵکو گەنجـێکی زمـانیی قسـەپێکەرانی ڕەسـەنی ئەو زمـانەیە و واتـا و فۆرمی ستاندارن و ئاخێوەران کۆکن لە سەری. زاراوەی زانستی بۆ ئەم جۆرە لە دەربڕاوە چەسپاوەکان, (ئیدیەم)ە.

شـیلان عـومەر(2012: 8) ئیـدیەم وەک چەشـنێکی دەربـڕاوە نادارشـتەییەکان دەناسـێنێت کە "واتـای سـەرتاپای دەربـڕاوە ئیـدیەمەکە پـێکەوە لە واتـای پیـتی/ فەرهەنگی یەکە یەکەی وشە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەستناهێنرێت و لە ڕووی پێکهاتن و فۆرمەوە بە دەربڕاوی چەسپاو و جێگیر جیادەکرێنەوەو یەک گۆکردنیان هەیە".

بەو پێیەی کە ئیدیەم دیاردەیەکی جیهانی زمانەکانە، شارەزایان و زمانەوانـانی بەپـێی پەیوەنـدییان پێناسـەیان بـۆ دیـاردەکە خسـتۆتەڕوو. (Crystal: 1992: 180) پـێی وایە ئیـدیەم "زنجیرە وشـەیەکی پێکەوەهـاتوون، لە ڕووی سـیمانتیکی و زۆر جـار لە ڕووی سینتاکسـییەوە، چەسـپاون، بە شـێوەیەک کە وەک یەکەیەک ئەرک دەبیـنن". هەروەهـا (Trask: 2007: 114) جەختدەکاتەوە کە ئیدێۆم دەربڕینێکە واتاکەی لە واتای وشـە پێکهێنەرەکـانییەوە نـایەت. بەلای (Matthews)وە ئیدیەم سێتێک دەربڕینە کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت، لە ڕووی سینتاکسەوە یەکانگیرن، لە ڕووی واتاوە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی دەنوێنرێت (JAFAR.M : 507:2016). بـڕوانە نموونەی (9)

ئیدیەمی (چنگ لەسەرشان) بە واتای فەرهەنگی پێکهێنەرەکانی بێـت، زۆر جیـاوازە و واتـاکەی دووردەکەوێـتەوە لە واتـای سـەرتاپای ئیـدیەمەکە، وە دەربـڕاوەکەش بە گشـتی لای ئـاخێوەرانی کـورد بە واتـای فەرهەنـگی نـایەت، ئەم واتـا ئیدیەمیەشی بە کۆکبوونی کۆمەڵ وەرگرتووە.

| دەربڕینی ئیدیەمی | واتای فەرهەنگی/پیتی | واتای ئیدیەمی |
| --- | --- | --- |
| چنگ لەسەرشان | کەسـێک/گیاندارێک کە چنگی لە سەرشانی دانابێت | هەڵهـاتن بە خێرایی |


ئیدیەم بەشێوەیەکی ئاسایی لە پاڵ دەربڕاوەکانی تردا بەکاردێن، بە هەمان شێوەی دروستە ڕێزمانییەکان پەیڕەوی یاسا و دەستوری زمانەکەن. وەک لە پێناسـەکاندا هـاتووە لە وشەیەک زیاتر پێکدێن، بەو واتاییەی فۆرمێکی ناسادەی هەیە، لە فـۆرمی ڕسـتە و فرێـز و وشـەی لێکـدراوی ئیـدیەمی دەردەکەوێت. بڕوانە نموونەی (10)

10/ا) کێچ کەوتە کەوڵی. [بێئارام]

ب) کەڵەشێری ناوەخت [نەهامەتی] (جەلال مەحمود: 2012: 363)

پ) چاوچنۆک [بەتەماح]

دەربڕاوەکان لەسەر دوو مەرج بە ئیدیەم دەناسرێن، ئەوانیش چەسپاوی فۆرم و ناپێکهاتەیی واتان. ئیدیەمەکان لە فۆرمەکەیـانەوە واتایـان پێشـبینی ناکرێـت، هەر لەم ڕوانگەیەوەبـوو کە لە سـەرەتادا قوتابخـانەی بەرهەمهێنـان و گواستنەوە ئیدیەمی بە دیاردەیەکی ناوازەی فەرهەنگی دادەنا، بەڵام دواتر بە جۆرێک لە نواندنی فەرهەنگی ($X^o$)کانیان دادەنا، لەم ڕوانگەیەشـەوە هەر($X^o$)ێـک نوانـدنێکی پێکهـاتەیی(Compositional) و ناپێکهـاتەیی (Non Compositional) هەیە، نواندنە پێکهاتەییەکان واتاکەیان لە فۆرمەکەیـانەوە پێشـبینی دەکرێـت، هەرچی نوانـدنە ناپێکهاتەییەکـانە سـینکرۆنیانە واتایـان لە فۆرمەکانیـانەوە پێشبینی ناکرێت(عەبدولجەبار مستەفا: 2020: 187). بڕوانە نموونەی (11)


(11



ناپێکهاتەیی واتای ئیدیەم خەسڵەتی لێڵواتایی پێدەبەخشێت، Makkai دەڵێـت "یەکێـک لە خەسـڵەتە گرنگەکانی ئیـدیەم ئەوەیە کە بۆ شیکردنەوە لێڵ بێت"[ شیلان عومەر: 2009: 55 (Hurmiz: 2002:28)]. بەم شـێوەیەش تـا واتـای ئیدیەمەکە لە واتای فەرهەنگی پێکهێنەرەکانی دووربکەوێتەوە و لە ڕووی سێنتاکسـییەوە بـواری گـۆڕانی تەسکبێتەوە. واتـای ئیـدیەمەکە تاریک/نـاڕوون دەبێـت و لێڵواتـایی زیاتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

## 2/2/1) گرفتە واتاییەکان لە وەرگێڕانی ئامێریدا

بێگومـان هەمـوو ئەوانەی لە بـواری زانسـت و زانیاریـدا

کاردەکەن، درک بەو پێشکەوتنە گەورانەی بواری تەکنەلۆجیا دەکەن، خاڵی سەرەکی گەشەکردن و فراوانبوونی بەکارهێنانی وەرگێڕانی ئامێریش هەر ئەم شەپۆلە گەورەیەی زانست و تەکنەلۆجیا بووە، ئەم پێشکەوتنانەش کاریگەری لەسەر زمانەکان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو وەرگێڕانەی کە مەبەستمانە وەرگێڕانی وشە بە وشە نییە، بەهۆی فەرهەنگێکی دوو زمانییەوە، بەڵکو مەبەست لە وەرگێڕانێکی پیشەییانەیە بە بەکارهێنانی ئامێری تایبەت کە لە ئێستادا کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە. لە ڕاستیدا لە وەرگێڕانی دەربڕینە ئازادەکانیشدا، ئامێر تووشی گرفت دەبێت و چەندین کەموکورتی تێدا دەردەکەوێت، بڕوانە نموونەی (12)





لە (12)دا دەردەکەوێت کە ئامێرەکە توانای پەیبردنی بە ناوی تایبەت نییە و بە وەرز ئەژماریکردووە، هەروەها چەندین گرفتی تر لە پەیوەندییە واتاییەکان وەک (هاوواتایی، فرەواتایی و هاوبێژی، لێڵی و...هتد، (بۆ پەیوەندییە واتاییەکان بڕوانە (دارا حەمید: 2010: 65-157)). بەڵام لە بەرئەوەی سنووری لێکۆڵینەوەکەمان لە دەربڕینە چەسپاوەکاندایە، نموونەکان لەم دەربڕینانەوە ئەزموون دەکەین.


### 3/2/1) گرفتی وەرگێڕانی ئامێری لە وەرگێڕانی ئیدیەمدا

لەبەرئەوەی واتای ئیدیەم لە پێکهاتەکەیەوە بە دەستناخرێت، پێشبینی دەکرێت زۆرترین گرفت لە وەرگێڕانیدا هەبێت، سەرباری ئەوەش زۆربەی ئیدیەمەکان تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراوەوە، بە واتای ئەوەی دۆزینەوەی هاوتای ئیدیەمێک لە زمانی ئامانجدا بە پێی ستراتیژێکی زانستی کارێکی ئاسان نییە، بڕوانە نموونەی (13)


13) ا/





ب/




پ/




ت/




وەک لە نموونەکانی(13) دەردەکەوێت ئامێرەکە پەی بە واتای ئیدیەمەکان نەبردووە و بە کەموکورییەوە بە واتای پیتی وەرگێڕانی ئەنجامداوە، واتای ئیدیەمیش لە واتای پیتییەوە دەستناخرێت. ئامێرەکە ڕووی وەرگێڕانەکەی بە ئاراستەی زمانی ئامانج نەکردووە و تووشی گرفتی تەواوێتی بووە لە واتادا و بە هیچ جۆرێک خوێنەری زمانی ئامانج پەی بە واتای ئیدیەمەکان نابات گەر بەم شێوەیە وەربگێڕدرێت.

### 4/2/1) ڕۆڵی دەوروبەر لە وەرگێڕانی ئیدیەمدا

دەوروبەر بە هەموو جۆرەکانییەوە ڕۆڵێکی بەهاداریان هەیە لە وەرگێڕانی دەربڕینەکاندا، پەراوێزخستنی دەبێتە هۆی نەناسینەوەی دەربڕینێکی ئیدیەمی و تێنەگەیشتن لە دەقی زمانی سەرچاوە و شێواندنی واتا لە زمانی ئامانجدا، واتا وەرگێڕانەکە سەرکەوتوو نابێت. هەروەها هەندێ لەو دەربڕینانە بە هەردوو ئاراستەی واتای پیتی و ئیدیەمی بەکاردەهێنرێن، لێرەشدا ئامێرەکە بە واتای پیتی وەرگێڕان دەکات و واتای پیتییش خاڵیە لە دەوروبەر. بڕوانە نموونەکانی (14) و (15)کە گریمانەیەکی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە:

14) – نازانم ئەم بابەتە بۆ کامیان باس بکەم؟

+ برۆ بۆ حەلاوی باس کە.


15) _ دەرفەتێکی ترم بدەرێ، بەڵێن بێت هەموو پارەکەت دەدەمەوە.

+ برۆ بۆ حەلاوی باس کە.

پەی نەبردنی ئامێری وەرگێڕان بە دەوروبەرکان گرفتی واتایی بەرهەمێناوە، بەڵام وەرگێڕێکی مرۆیی شارەزا دەتوانێت بە تێگەیشتن لە دەربڕینی زمانی سەرچاوە و ڕەچاوکردنی دەوروبەرەکان، واتای پیتی لە ئیدیەمی جیابکاتەوە و بە ستراتیژێکی زانستی نزیکترین هاوتا بۆ دەربڕینەکە بدۆزێتەوە و واتا بگوازێتەوە بۆ زمانی ئامانج، دەتوانێت وەک هاوتا ئیدیەمی tell it to the Marines.

(https://dictionary.cambridge.org/) لە بری (بڕۆ بۆ حەلاوی باس کە.) لە نمونەی (15) بەکاربهێنێت کە هەردوو دەربڕینەکە بە واتای (بڕوات پێناکەم)ە، چونکە ئیدیەمەکان "نابێ وشە بە وشە وەرگێڕدرێنەوە، بەڵکوو دەبێ هەموو واتاکەیان پێکەوە وەربگێڕدرێت و لە زمانی مەبەستدا هاوتای بۆ بدۆزرێتەوە" (سروە مێنبەری، شەهین حەیدەری: ١٣٩٧: ١٠٠).

وەرگێڕانێکی دروستی ئیدیەم پێویستی بە وەرگێڕێکە کە جگە لە گەنجی زمانی، شارەزای لایەنی کولتوری هەردوو زمانیش بێت، واتە دەوروبەرە کولتوریەکان، بە پێچەوانەوە وەرگێڕانەکەی شێواو و هەندێجار سەیروسەمەرەش دەبێت. بڕوانە نموونەی (16)




ئیدیەمەکان لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیی و کولتوری دیاریکراوەوە سەرچاوەدەگرن، بەسەر زمانی ئاخێوەرانی یەک زمان و کولتور و نەریت و بیروڕای هاوبەشەوەن، وەرنەگێڕانیان بە دروستی فەرامۆشکردنی ئەو لایەنە کولتوری و کۆمەڵایەتیە بەهادارەیانە. ئیدیەمەکان "دانەی ئامادەی وتن و ناکرێت لە دەوروبەر دایانبڕین و بۆ لێکدانەوەیان پێویستیمان بە دەوروبەر دەبێت"(شیلان عومەر: 2009: 55). لە ڕابردوویەکی نزیکدا تێڕوانینی کۆمەڵی کوردی بۆ شووکردن بە جۆرێک لە نەنگی تەماشاکراوە هەرچەندە بەپێی دابونەریتە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانیش بووە، نەنگیبووە برا و باوکی کەسی شووکردوو خۆشیان بەو بۆنەیەوە دەربڕیبایە. هەر بۆیە لە نموونەی (16) واتای ئیدیەمەکە بە (هەڵخەڵەتاندن و لە خشتەبردن) دێت، بەڵام لە کولتوری زمانی ئامانجدا بەو مانایە نایەت، نەناسینەوەی ئیدیەمەکە و دابڕینی لە دەوروبەرە کولتوریەکەی وەک ئەوەی وەرگێڕە ئامێرییەکە ئەنجامی دەدات، شکستی وەرگێڕانەکەی لێدەکەوێتەوە و ئەو ڕاستییەمان نیشاندەدات کە وەرگێڕانی ئامێریی سەرکەووتوونەبووە لە وەرگێڕانی دەربڕینە ئیدیەمیەکان و گرفتە واتاییەکانی بۆ چارەسەرنەکراوە، لانی کەم لە ئێستادا.

## ئەنجام

1 - ئیدیەمەکان بە بەربڵاوی لە سەر زمانی ئاخێوەران لە ئاخاوتن و نوسیندا بەکاردێن ، ئەمەش بۆتە کەرەستەی بواری وەرگێڕان، بە هۆی تایبەتمەندییان پێویستییان بە شێواز و ستراتیژی تایبەت هەیە لە وەرگێڕانیاندا.

2 - خودی واتای ئیدیەمەکان ناپێکهاتەییە و ئەمەش وایکردووە گواستنەوەی واتایان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئاسان نەبێت.

3 - دەوروبەر دەرخەری واتای دەربڕینەکانە، واتای دەربڕینێکی ئیدیەمی لە دەوروبەرە زمانی و کۆمەڵایەتی و فیزیکیی و دەروونییەکانەوە پەی پێدەبرێت، بەڵام وەرگێڕانی ئامێریی بۆ ئیدیەمەکان پیتییە و خاڵییە لە دەوروبەر، ئەمەش گرفتی تێگەیشتن لە واتایان لە زمانی ئامانجدا دروستدەکات.

## سەرچاوەکان

١. ئاڤێستا کەمال مەحمود، پڕاگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە کرمانجی خواروودا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢. بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد حسەین، دەوروبەری زمانی (لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسی- پڕاگماتیکییە). گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە ٤٢، ٢٠١٣.
٣. بێستوون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.
٤. بێستوون حەسەن ئەحمەد، توانا سەعدی حامد، ڕاڤەکردنی پەیوەندیی خزمایەتی لە کۆمەڵی کوردیدا- شیکاری واتای پەندەکان بە نموونە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٤٤، ٢٠٢٠.
٥. پەروین عوسمان مستەفا، واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
٦. تاڵیب حوسێن عەلی، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.
٧. جەلال مەحمود عەلی، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانیی، ٢٠١٢.
٨. دارا حەمید محەممەد، واتاسازی- هەندێک لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیکی کوردی، چاپخانەی ژیر، ٢٠١٠.
٩. سروە مێنبەری، شەهین حەیدەری، ئیدیەم لە وەرگێڕاندا، پژوهشنامەی ادبیات کردی، شمارە ٦، ١٣٩٧.
١٠. سۆران عەبدولڕەحمان حەمەد، ڕۆڵی ئاوازە لە گەیاندنی واتادا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، ٢٠١٤.
١١. شیلان عومەر حسەین، ئیدیەم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٢. شیلان عومەر حسەین، مۆرفۆسینتاکسی۔ ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە ٣٥، ٢٠١٢.
١٣. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپخانەی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٤. عەبدولواحید مشیر دزەیی،واتاسازی(چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە)، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٥. عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٦. کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان، واتاسازی، وەرگێڕانی: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦(ساڵی وەرگێڕان).
١٧. کورش سەفەوی، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان، وەرگێڕانی: ڕەفعەت مورادی، چاپخانەی کاریین،سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٨. محەمەدی مەحویی، زانستی هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٩. نەریمان حەسەن حەمەکەریم، دروستەی سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، ٢٠١٥.

٢٠. محمد شاهين، نظريات الترجمة، دار الثقافة للطباعة و النشر، 1998، عمان.

٢١. محمود فهمي حجازي، مدخل الى علم الغة، دار قباء للطباعة والنشر، 1997، القاهرة.

٢٢. علي زوين، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، دار الشؤون الثقافية العامة، 1986، بغداد.

٢٣. عمرو محمد فرج، الترجمة الالية (مفهومها- مناهجها)، مجلة كلية دار العلوم، عدد 26، القاهرة.

٢٤. فاطمة الشيدي، المعنى خارج النص، دار نينوى، 2011، دمشق.

٢٥. فندريس ج.، اللغة، ترجمة: عبد الحميد الدواخلي، محمد القصاص, مكتبة الانجلو المصرية, 1950, القاهرة.

26. Catford, J.C. (1965), A Linguistic Theory of Translation: An Essay in Applied Linguistics. Oxford University Press.

27. Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition BLACKWELL PUBLISHING.

28. Crystal, D. (1992). An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, 4th edition. Oxford, UK: Blackwell Publishers.

29. Fawcett, Peter (1997), Translation and Language. Linguistic Theories Explained, Jerome Publishing.

30. Jack C. Richards and Richard Schmidt (2010), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth edition, Malaysia.

31. MOHAMMAD JAFAR JABBARI (2016), Idiomatic Expressions in Translation, Journal of A dvances in Humanities, Volume 4 Number 3.

32. Newmark, P. (1988). A Textbook of Translation. Hertfordshire: Prentice Hall.

33. Trask, R.L. (2007) Language and Linguistics-The Key Terms, Routledge, N.Y

34.د. عادل ڕەشید قادر، زانکۆی سلێمانی، 2-8-2021.